# **جەمال محسین**: گەورەترین دەرفەت بۆ حیزبی کۆمۆنیست وهێزی چەپ هەیە کە بتوانێت خەڵك کۆبکاتەوە لەدەوری خۆی



**دیمانە:ئاسۆ**

بەم نزیکانە و دوای هەوڵێکی تێرو تەسەل‌و چڕوپڕی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و لەسەر جەستەی هەمان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دادەمەزرێت، دەربارەی دوا هەنگاوەکان و میکانیزمەکانی کاری ئەم پارتە تازەیە، ئەم دیمانەیەمان سازدا لەگەڵ (جەمال محسین) ئەندامی باڵای لیژنەکانی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان.

ئاسۆ: بەنیازن پارتێکی تازە ڕابگەیەنن بەناوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، دەمەوێ بپرسم ئەم پارتە تازەیە بۆ؟ لەکاتێکدا پارتێکی تری کۆمۆنیستی هەیە بەناوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق.

جەمال محسین: من پێت دەڵێم نەك حیزبێکی تر بەڵکو دوو حیزبی تر هەیە کە حیزبی کۆمۆنیستی کارگەریی عێراق، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەریی حیکمەتیت — ئێرانە کە لەسەر هەمان بنەماو بەرنامەیە. ئێمە لەو ڕوانگەیەوە کە پەیوەندیی خەڵك و ئەحزاب و باری فەرهەنگی لە کوردستاندا جیاوازە لەکۆمەڵگەی عێراق بەم مانایەش خواست و داواکاریی خەڵك جیاوازیی هەیە لە کۆمەڵگەی عێراق بۆیە دەبێت کۆمۆنیستەکان لەبیری ئەوەدابن کە پارتێك دروست بکەن بۆ ئەم کۆمەڵگایە کە تایبەتمەندییەکانی بپارێزێت، میکانیزمێك لەناو ئەم کۆمەڵگەیەوە بدۆزێتەوە بۆ بردنە پێشەوەی ئەم ستراتیژە کە جیاوازە لەمیکانیزمی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەریی لە عێراق.

بۆ نموونە مەشغەڵەی خەڵك لە عێراقدا مانەوەی مرۆڤە لەژیاندا، لەبەرئەوەی بارودۆخی ئاسایش بەجۆرێکە کە مرۆڤ لەژیانی خۆی دڵنیا نییە و ئاسایش و ژیانی لەمەترسیدایە، گێڕانەوەی ئاسایش خواستی گەورەی خەڵکی عێراقە، کۆتایی هێنان بەداگیرکاریی ئەمەریکا و نەهێشتنی باڵادەستی ئیسلامی سیاسی بەسەر ژیانی خەڵکدا، ئەمانە کێشەکانی خەڵکی عێراقن، بۆیە وەختێك کۆمۆنیستەکانی ئەوێ بیانەوێت ئاڵوگۆڕ لەژیانی مرۆڤەکانی ئەوێ بەدەست بهێنن دەبێت لەهەوڵی بەدیهێنانی ئالیەتێك بن کە خەڵك لەم بارودۆخە رزگار بکات.

ئەم بارودۆخەی لەعێراقدا هەیە لە کوردستاندا بوونی نییە، خەڵك لەکوردستاندا خواستێکی تری هەیە، بۆ نموونە لاوان خواستی ئەوەیان هەیە ئازادبن و داهێنان بکەن و پێداویستییەکانیان بۆ فەراهەم بکرێت، لاوانی کوردستان مەشغەڵەی ئەوەیان نییە هێزی داگیرکەری ئەمەریکا بکەنە دەرەوە، دروشمی سەرەکیان ئەوە نییە داوای ئاسایش و ئارامی بکەن، ئەگەر سەیری چینی کرێکاریش بکەین لە کوردستاندا دەبینین چۆتە جێگەو ڕێگەیەکی تر، دەبینین قڵشتێکی گەورە کە کەوتۆتە نێوان دەسەڵات لەلایەك و خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لەلایەکی تر فراوانتر بووە کە هێزی کۆمۆنیستی دەبێت لەفکری ئەوەدا بێت میکانیزمی جیاواز هەڵسوڕێنێت، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی رێکاریی عێراق هەروەك خۆی دەمێنێتەوە.

ئاسۆ: کەواتە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق نامێنێت؟

جەمال محسین: هاوڕێمان هەیە کە لەرابەرایەتی حیزبدا بۆ خۆی بڕیاری ئەوەیداوە کە لەرابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا بمێنێتەوە و ئەندامی رابەری کۆمۆنیستی کارگەریی کوردستانیش بێت. بەڵام وەختێك تۆ حیزبێك دروست دەکەیت بۆ تایبەتمەندییەکانی کوردستان، دانیشتنی کۆمیتە ناوەندییەکەی و کۆبوونەوە و داڕشتنی پلاتفۆرمەکانی تایبەتە بەم کۆمەڵگایە و کێشەی بەغدادو ناسریە نابێت.

ئاسۆ: ئێوە لەگەڵ ئەوەی حیزبێك دروست دەکەن لەسەر مەیدانی کوردستان داوای دەوڵەتی سەربەخۆش دەکەن، پێتوایە لەم دۆخەدا داواکردنی دەوڵەتی کوردستان واقیعییە و ڕێگەی پێدەدرێت؟

جەمال محسین: بۆچی ڕێگەی پێنادرێت؟ لەکاتێکدا چوار ملیۆن مرۆڤ لە کوردستان ژیانی ڕۆژانەیان بەشێوەیەکی جیاوازترە لە ژیانی خەڵکی عێراق.

ئاسۆ: هەست ناکەیت باسکردن لەدەوڵەتی کوردیی زیاتر لێدوانی عاتفییە لەبەرئەوەی هیچ کام لەوڵاتانی چواردەور ڕازی نابن، ئەمەریکا خۆی ڕێگە بەدروستبوونی دەوڵەتی کوردیی نادات؟

جەمال محسین: باسکردنی دەوڵەتی کوردستان عاتیفی نییە، مادام ئەم کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی واقیعی و دیفاکتۆ ئەم جیابوونەوەی هەیە (بەڵام بەڕەسمی سەربەخۆیی وەرنەگرتووە) نەبوونی دەوڵەتێك بۆ ئەم قەوارەیە کێشەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە لەناو ئەم کۆمەڵگایە، ئەگەر ئەم قەوارەیە ببێتە دەوڵەتێکی بەڕەسمی ناسراوی غەیرە قەومی و سیکۆلار ئەو کاتە هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.

ئەوەی ڕێگریی هەیە، بەڵێ ڕێگریی هەیە، تورکیا پێی خۆش نییە، سوریا پێی خۆش نییە، خودی ئەمەریکا پێناچێت پێی خۆش بێت، لەبەرئەوەی پێی ئەحزابی قەومی ڕاکێشاوەتەوە ناو پرۆسەیەکەوە کە خۆی تێیدا لەناوعێراقدا دەرگیری شکستە، ئەگەر ئەمەریکا ئەوانی خستۆتە ناو ئەو پرۆسەیەوە ئێمە دەمانەوێ خەڵك دەربهێنین لەو پرۆسەی ئەمەریکا لەعێراقدا خەریکییەتی، لەبەرئەوەی خەتەری ئەوە هەیە کە کوردستانیش بگلێنن لەشەڕی تیرۆریزمی ئیسلامییەکانەوە.

ئاسۆ: ئایا ئەو دەڵەتەی ئێوە باسی دەکەن بۆ کوردستان، کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانیش دەگرێتەوە؟

جەمال محسین: ئەوە بابەتێکی زۆر جدییە، بابەتێکی زۆر حەساس و واقیعیشە، ئێمە پێمانوایە قسەکردن لەسەرئەوەی کە چارەنووسی ناوچەیەك یەکلابکرێتەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای ئینسانەکانی ئەو شوێنانە ئیمکانی نییە.

ئاسۆ: خواستی زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئەوەیە ناوچە دابڕاوەکان بەکەرکووکیشەوە بگەڕێنەوە بۆسەر هەرێمی کوردستان، ئایا ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیی بێ کەرکوك شکست ناهێنێت، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان ئێستا هیچ ژێرخانێکی ئابووریی نییە؟

جەمال محسین: ئەوەی کە کەرکوك ئەم جۆرە تەبریرانەی بۆ باس دەکرێت کە ناوچەیەکی پیشەسازییەو نەوتی تێدایە، بەبڕوای من ئەمە تەبلیغاتی ناسیۆنالیزمی کوردە بۆ خۆی و دەیەوێت لەو ڕێگایەوە بەشێك وەربگرێت و ئالێرەوە شەڕی لەسەر بکات، بۆ من قەزیەی کەرکووك قەزیەیەکی زۆر گەورەترە ! .

ئاسۆ: وەك دەزانین زۆربەی بوارە سیاسی و ڕۆشنبیریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستانەوە قۆرخکراون، ئێوە بەچ میکانیزمێك دەتوانن ئیش لەسەر ڕاکێشانی جەماوەر بۆلای خۆتان بکەن؟

جەمال محسین: گەورەترین دەرفەت بۆ حیزب و هێزی چەپ هەیە کە ئێستا بتوانێت خەڵك کۆبکاتەوە لەدەوری خۆی، وەك خۆت وتت کە ئەحزابی دەسەڵاتدار (یەکێتی و پارتی) بەتایبەتی دەستیان بەسەر تەواوی کۆمەڵگەو سەروەت و سامان و سیاسەتکردن و هەتا ڕۆژنامەو نووسین و چی و چیشدا گرتووە، ئەمە بێزارییەکی گەورە و ناڕەزایەتییەکی فراوان و گەورەی لەناو خەڵك و جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و کۆی گشت خەڵکدا هێناوەتە پێشەوە کە خەڵکی جیایی خۆی بەوازحی دەبینێت، خەڵك خۆی لەجێگایەکدا دەبینێت کە بەرژەوەندییەکانی و ژیانی لەشوێنێکدایە، دەسەڵات ئەوان لەجێگایەکی تردان، هەر بۆیە لەخۆڕا پێیان ناڵێن فیرعەونەکان، لەبەرئەوە ئەمەیان ناوێك نییە هەر لەخۆڕا هاتبێت، مادام ئەم قڵشتە زۆر ڕوون و وازح بۆتەوە و زۆر ڕۆشنتر بۆتەوە لەجاران، گەورەترین فورسەت بۆ چەپەکان و بۆ ئینسانە کۆمۆنیست و ئازادیخوازەکان هەیە کە دەیانەوێت لەسەر ژیانی خەڵکەوە کاربکەن و تێکەڵاو و ئاوێزان بن بەم کارە.